# قەیرانی پەرلەمان و حکومەتی دروست نەبووی عێراق زگماکە!!!

سمیر نوری

ئەمرۆ ئەنجومەنە گاڵتە جارپەکەی بەغدا دوای ئەوەی بە هیچ قەرارێکی ڕەسمی و سیاسی نەگەیشت چی لە دانانی سەرۆکێک بۆ ئەنجومەنەکە و چی لە بواری دامەزراندنی حکومەت دا بە دەسبەتاڵ هاتنە دەرەوەو ، بە ئیعترافی بەرهەم سالح " دەتوانرێت بووترێت لە ئەزمەدان " . ئەمە لە لایک ولە لایەکی ترەوە هەر لە کاتی کۆبوونەوەکەیاندا زرمەو گرمەی هاوەن و کاتویشا شاری داگرتبوو ، ولە چەند شۆینی عێراق دا کوژراو کەلەپاتێکی زۆر کەوتووەتەوە .

ئەوە بۆ دوومانگ دەچێت هەڵبژاردنە گاڵتە جاریەکەی عێراق تەواو بووە بەڵام ئەنجومەنی هەڵبژێراو نەک نەیتوانیوە حکومەتیکی لە چەشنی ئەوەی ئیاد عەلاویش دروست بکات، بەڵکو بۆ دانانی سەرۆکی ئەنجومەنەکە پەنایان بردوەتە بەر شەرتی تەمەن درێژی و ڕیش سپێتی هەر بۆیە شێخ زاری فەیازیان بە سەرۆکی کاتی داناوە تا لە نیوان برایانی دوژمن دا ئەم کارە لە پشتی پەردەوە یەکالا دەکەنەوە .وا بڕوات هەڵبژاردن ستۆک دەبێ وحکومەتی "هەڵبژێراوی خەڵک" کە ئەمریکا دڵی زۆر پێ خۆشە لە دایک نابێت و چاوی بە دنیایی تیرۆر شاد نابێت و ناوکی بە بە چەقۆی کولی ناسیۆنالیزم و دین پەرستی نابڕێت .

ئێمە لە بڕیاری سەبارەت بە هەڵبژاردن هەر زۆر زوو رامان گەیاند، ئەم هەڵبژاردنە سیناریۆیەکە کە ئەوزاعەکە بەرەو خراپتر دەبات و قەڵشتی نێوان خەڵک قوڵتر دەکاتەوە سێناریۆی ڕەشی ئەمەریکا ڕەش تر و تاریک تر دەکات ، دابەش کردنی خەڵک بەسەر دین وقەوم وقەبیلە و تایەفەو دەستەو تاقمی کۆنەپەرست و لە گۆڕ زیندوو بووەوە زیاتر دەکات ، خەڵکی لە سەنگەری دژی یەکدا ڕادەگرێت ، چارەسەری کێشە بنچینەیەکانی خەڵک ناکات ، ئاسیش و نان و ئازادی بۆ خەڵک فەراهەم ناکات . نەک باهۆزی دیموکراسی خەڵکی ئازاد ناکات، بگرە سونامیەکە دەرباز بوون لێی ئاسان نیە و "ئەوەی لە دز مابێتەوە فاڵچی دەیبات" .

ئەوەی ئیدعایەی کە گوایە لە سەر فلان وەزارەت ڕێک ناکەون و لە سەر فلان پۆست کێشەیان هەیە تەنها ڕوویەکی کێشەکەیە، کێشەی ئەساسی لەسەر دابەش کردنی ناوچەی نفوز و جێگا مەوقعیەتی باشترە بۆ شەڕی سبەینێ، ئەمە ئاشتبوونەوەی گشتیە یا شەری خۆ چەک کردن؟ و خۆ ئامادەکردنە بۆ شەری دوو ڕۆژی تر ، سەنگەر لێدانی بزووتنەوە ئیسلامیەکانە لە بەرامبەر ناسیۆنالیزمی کورد و بەپێچەوانەوە، سەنگەر لێدانی سونە و شیعەیە لە بەرامبەر بە یەک یان فەراهەم کردنی ئازادی و ئاسایشە ، ئەوەی خۆێ لەم واقعیاتانە گێل دەکات و دەڵێ وەختی زیاترمان دەوی ئەزموونەکە تازەیە، یاشەریکە لەم کێشمە کێشە کۆنەپەرستانەیەدا و بەرژەوندیەکی هەیە لەم نێوەدا، یا ئەوەتا نەزانەو لە گۆێ گایا نووستوە .

"نەک ئەتوانرێت بووترێت لە ئەزمەدان" بەڵکو هەڵبژاردن و دروست کردنی حکومەتە دروست نەبووە قەیراناویەکە خۆی لە ئەزمەدا دەژێت بەرهەمی وەزعیەتێکی سیاسی و بەرهەمی شەراێتێکە ئەمریکا دروستی کردوە لە ناوچەکە، ڕوکنی ئەساسی ئەم ئەوزاعە هەڵکەندنی دەوڵەتە و هەوڵدانە بۆ دروست کردنی دەوڵەتێکی پڕۆ ئەمەریکایی لە بان سەری خەڵکەوە، بە ناوی خەڵکەوە . کۆکردنەوەو برەو دان بەکۆنەپەرست ترین هێزە سیاسیەکانی گۆڕەپانی سیاسی یە لە عێراقدا ، ڕێگرتنە لە کەمترین دەخاڵەتی خەڵک لە دیاری کردنی چارەنووسی سیاسی خۆێدا . ئەم ئەزمەیە زگماکە لەگەڵ داگیرکردنی عێراق و باڵا دەستی هێزەکانی سیناریۆی ڕەشدا پەیدا بووەو ، ئەزمەی ئەو هێزانەو سیاسەتی ئەمریکا وبێ ئەڵتەر ناتیڤی نەزمی نوێ جیهانیەکەی ئەمەریکایە .

بە بوونی ئەمەریکا لە عێراق و باڵا دەستی ئەم هێزانە نە ئەم ئەوزاعە باش دەبێت و نە ئەم ئەزمەیە کۆتایی پێ دێت بەڵکو بەعەکسەوە، درێژە کێشانی ئەم کێشمەکێش و قەیران و چەنگی ساردەی نێوان هێزەکانی سیناریۆی ڕەش زەنگی خەتەرێکە کە مەوداکەی پێشبینی ناکرێت .

ڕێگا چارەی ئەم ئەوزاعە ئێمە بە ڕۆشنی لە ستراتیجی خۆماندا بە ڕۆشنی خستوومانەتە ڕوو، ئەویش دەرچوونی هێزەکانی ئەمەریکایە لە عێراق و چەک کردنی هێزە دینی قەومیەکانە و دامەزراندنی حکومەتێکی هەڵبژێراوی خەڵکە

لەلایەن خۆیانەوە لە فەزایەکی ئازادو ئارامدا . ئەمەش بەندە بە بەهێز بوونی قوتبی سۆشیالیست و سکۆلار لە کۆمەڵگەی عێراق دا .